


# یەکەم مۆبایلی هۆشمەند تایبەت بە نابینایان

مۆبایلە ژیرۆکەکان و ئینتەرنێت پێکەوە جیهان زیاتر پەیوەند دەدەن و ئەگەر بەلایەنی خراپ سوودی لێوەرنەگیرێت، جیهان بەرەو لوتکەی پێشکەوتن دەبات. بەداخەوە ئەو تەکنەلۆژییە پێشکەوتووە زیاتر لە خزمەت مرۆڤە بینا و تەندروستەکاندایە و مرۆڤە نابینا و نابیست و پەککەوتەکان کەمتر دەتوانن لەم جیهانە بەهرەمەند بن، بەڵام بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ ئاوڕیان بەسەر ئەم چینەی کۆمەڵگاش داوەتەوە، دیزاینەرێکی هیندی (سامیت داگار) توانیویەتی خەتی (برێل) کە تایبەتە بە نابینایان بۆ مۆبایلی هۆشمەند بگوازێتەوە. شاشەی هۆشمەندەکەی مۆبایلەکە دەتوانێت داتاکانی سەر مۆبایلەکە بکات بە خەتی (برێل). ئەو تەکنەلۆژییە دەکرێت هەنگاوێك بێت بۆ گواستنەوەی جیهانی بینایان بۆ نابینایان.




# دەهۆڵە بچووکەکە بلوتوسیشی هەیە

سپیکەر یان (بڵندگۆ) لە جیهانی تەکنەلۆژیای سەردەم جێگای خۆی هەیە، هەتا چەندساڵێك بەر لە ئێستا هەتا قەوارەی بڵندگۆکان گەورەتر با دەنگیشی بەرزتر دەبوو، بەڵام ئێستاکە بچووك بوونەوە و کارایی زیاتر بڵندگۆکانیشی گرتۆتەوە.

گەر بە دوای بڵندگۆیەکی بچووکدا دەگەڕێیت، سپیکەری جۆری JBL Charge کە بەقەد قوتووە بیبسییەك دەبێت، دەتوانێت وەڵامدەرەوەی باش بێت.

سپیکەرەکە بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل و لاپتۆپ و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت.. بلوتوسەکە دەکرێت لەکاتی پێویستدا مۆبایل و تەبلێتەکەشتان شەحن بکاتەوە. سپیکەرەکە سێ ڕەنگی شین، ڕەساسی و سەوزی هەیە و دەکرێت بە ئاسانی لە جانتای لاپتۆپدا جێگای بێتەوە. ڕەنگە بڕوا نەکەن کە سپیکەرەکە دەنگی بەقەد دەهۆڵێك دەبێت و کورد گوتەنی ڕێیە ڕۆژێك دەڕوات.




# کامێرایەکی نوێی سۆنی دژە تەڕبوون و بەرکەوتن

کۆمپانیای سۆنی کە کۆمپانیایەکی بەهێزە لە بواری بەرهەمهێنانی کامێرای دیجیتالیدا لەم ماوەیەدا نوێترین کامێرای خۆی خستە بازاڕەوە کە کامێرایەکە بەناوی HDR-GW66VE، بەهۆی کامێراکە دەکرێت کاتژمێرێك فیلم لە قوڵایی ئاودا هەڵبگریەوە. کامێراکە سەڕای ئەوە کە دژە تەڕبوونە، تۆز و خۆڵیش ناکرێت و لەبەرامبەر بەرکەوتنیشدا خۆڕاگرە و هەروا لە ئاست کەشوهەوای ساردو گەرمدا تێکناچێت.

کامێراکە full HDیە و کوالیتی وێنەگرتنەکەی 20 میگاپیکسلە. توانای زومەکەی 10Xە، کارت میمۆری جۆری SD,SDHC,SDXC دەخوێنێتەوە.



# چەند ڕێنماییەک بۆ کڕینی تەبلێت

تەبلێت بەهۆی ئەوەی کە ئاسانتر لە لاپتۆپ هەڵدەگیردرێت و تەنیـــا لە یەك شاشـــە پێکهاتووە، زۆری پێناچێت شـــوێن بە لاپتـــۆپ لەق دەکات، ئەوەی بۆ گەشـــت و گەڕان و ســـەفەر دەبردرێـــت تەبلێت دەبێت نەك لاپتۆپ و دەکرێ بڵێین بە هاتنی تەبلێت ڕۆڵی لاپتۆپ لە کەمیدا.

گەر نیـــازت هەیە تەبلێتێـــك بکڕی، پێویســـتە ئەو چەند ڕێنماییانـــە بزانی:- پارە چارەســـەر نییە، مەبەســـت ئەوەیە وا بیرنەکەیەوە هەتا پارەی زیاتری پێبدرێت و تەبلێتەکە گرانباییتر بێـــت، ئەوە باشـــترە، گرنگ ئەوەیە چ بـــە تەبلێتەکە دەکەیت، تەبلێتەکانـــی کۆمپانیـــای ئامازۆن هەرزانبایین و کارایشـــیان باشـــە، بەڵام ئامازۆن بە جۆرێکی دیکـــە دەوری لێداوەتەوە و پرۆگرامەکانی بە گران دەفرۆشێت.

ئەپڵ هەم بەهۆی بەهێزی و باشـــی و هەم بەهۆی دیزاینی تەبلێت و ئامێرەکانی دیکە لە ریزی پێشەوەدایە، بەڵام تەبلێتەکانی ئایپادی ئەپڵ لە گشت تەبلێتەکانی دیکە گرانباییترن.

تەبلێتەکان لە بارەی قەوارەوە ســـێ جۆریـــان هەیە: بچووك (7 تا 7.9 ئینج)، مامناوەنـــدی (8.9 هەتا 10.1 ئینج) گەورە (سەرووتر لە 10.1 ئینج). لەبارەی سیستەمەوە تەبلێتەکان سێ جۆر سیستەمیان هەیە سیستەمی ios کەتایبەتە بە کۆمپانیای ئەپڵ، سیستەمی ئەندرۆید کە زۆربەی تەبلێتەکان لەو سیستەمە سوود وەردەگرن، سیستەمی ویندۆز. گەر نیازت هەیە ئەرکەکانی کۆمپیوتەر بـــە تەبلێت ئەنجام بدەیت، تەبلێتێك بکڕە کە ویندۆز بخوێنێتەوە، گەر بۆ ئینتەرنێت و جیهانی گەمەی ئەلکترۆنی و سوودوەرگرتن لە ئەپلیکەیشنە ئەوە ئەندرۆید گونجاوترە.



# کیبۆردێک خێرایی تایپکردن دەباتەسەرێ

کیبـــۆرد یان تەختەی دوگمەکان بەو دوگمانە دەگوترێت کە بۆ داکردنی داتاکان بۆ ناو کۆمپیوتەر سوودی لێوەردەگیردرێت، بەبێ کیبۆرد جا چ کیبۆردی مەجازی بێت یان کیبۆردی ڕاستی، کۆمپیوتەر هیچ سوودێکی نییە. کیبۆردەکان ڕەنگە شێوازی کارکردن و جۆری ســـتایلەکانیان جیـــاواز بێت، بەڵام هەموویان یەك ئەرك ئەنجام دەدەن ئەویش گواســـتنەوەی ئـــەو داتایانەیە کە بەکارهێنەر دەیخاتـــە ناوکۆمپیوتەر، وەك تایبکـــردن، کاری گرافیکی و نەخشەسازی و مۆنتاژ...تاد.

لەم ماوەیەدا پسپۆرانی بواری زانیاریی سەردەم لـــە ئەڵمانیـــا کیبۆردێکـــی دوو پارچەیان چێکردووە کـــە بە ڕای ئـــەوان خێرایی تایپکردن تا 30% دەباتەسەرێ.

کیبـــۆردە دوو پارچەکە 16 دوگمەی لەلای چەپ و 12 دوگمەی لەلای ڕاســـت هەیە. گشـــت پیتـــە دەنگدارەکانی ئینگلیزی جگە لە پیتی Y لەلای ڕاســـت داندراون لەگەڵ چەند پیتێکی دیکە. پسپۆرانی تەکنەلۆژی پێیان وایە ئەمجۆرە پیتچنینە خێرایی تایبکردن دەباتەسەرێ.

# فلاش میمۆرییەک تەنیا جارێک سوودی لێوەردەگیرێت

بۆ گشت ئەوانەی کە شارەزای بواری تەکنەلۆژیای دیجیتاڵین دەزانن فلاش میمۆری چ گۆڕانێکی لە گواستنەوە و هەڵگرتنی داتاکاندا پێکهێنا، فلاش میمۆری جێگای CD گرتەوە و جێگرەوەیەکی باشیش بوو، فلاش میمۆری لەسەرەتادا ئەوەندە گرنگ بوو کە وەك میدالیا لە مل دەخرا وەك شتێکی گرانبایی سەیر دەکرا، هەرچەندە قەوارەی هەڵگرتنەوەی زۆر کەم بوو تەنیا دەگەیشتە 32 میگابایت، بەڵام بە بەراورد بە فلۆپی دیسك زۆر زۆر بوو، 32 میگابایت یانی 32 فلۆپی دیسك، کەچی لەم دواییەدا فلاش میمۆری 1 ترابایتی و تەنانەت 3 ترابایتیش هاتە بەرهەم و پێدەچێت لەوەش زیاتر بێت.

فلاش میمۆری کاغەزی بەرهەم هاتووە کە تەنیا بۆ یەکجار دەبێت سوودی لێوەربگیردرێت، هەروەك لەوێنەیەدا دەبینن کە 4 فلاش میمۆری لە چوارچێوەیەکی وەك کارت پۆستالدایە، راست وەك لەزگەی برین، هەرکاتێك پێویستت پێبوو یەکیان دەربهێنە و دوای سوود لێوەرگرتن دەکرێت فڕی بدەی، پێکهاتەی فلاش میمۆرییە 4 گیگابایتەکە لە کاغەزە و ئەگەر بە جوانی هەڵبگیردرێت دەکرێت چەند جارێکی دیکەش سوودی لێوەربگیردرێت.




# لە داهاتوودا بە 30 چرکە پاتری شەحن دەبێتەوە

مۆبایل و کۆمپیوتەر و لاپتۆپ لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دواییدا گۆڕانکارییەکی جددیان بەسەرداهاتووە، بەڵام پارچەیەکی گرنگی مۆبایل ولاپتۆپ و تەبلێت... تاد کە لەم چەند ساڵەدا هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە باتری ئەو ئامێرانەیە.

باتری گەرچی رۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەگێڕێت لە بەگەڕخستنی ئامێرە دیجیتالییەکانی سەردەم بەڵام بە بەراورد بە پارچەکانی دیکە ئەو گۆڕانکارییەی بەسەردانەهاتووە کە شایانی باس بێت. ئێستاش بۆ شەحنکردنەوەی باتری پێویستی بە زیاتر لە کاتژمێرێکە.

پسپۆڕانی بواری تەکنەلۆژیای سەردەم لە زانکۆی ئیلینۆیز گەیشتوونەتە سەرەداوێکی تەکنەلۆژی و بەو ئاکامە گەیشتوون کە دەکرێت باترییەکانی داهاتوو 2000 جار بەهێزتر بن لە باتری ئێستا و 1000 جار خێراتر شەحن بکرێنەوە، بۆ نموونە باترییەك تەنیا لە 3 چرکەدا شەحن بکرێتەوە.




ئۆفیسی مایکرۆسۆفت لە ریزی ئەو پرۆگرامانە دێن کە لەلایەن بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەرەوە لە ریزی پێشەوە دێن، هەر کام لەوانەی کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن رۆژانە جارێك پێویستی بەیەکێك لەو پرۆگرامانە دەبێت کە پێکهاتووە لە word, excel, PowerPoint ...تاد.

ئەگەر رۆژێك فایلێکت بۆهات و یەکێك لەو پرۆگرامانە



# سایتێک بۆ زانینی شوێنی گۆڕی ناوداران



گەلێك جاران ئەو پرسیارانەت بۆ دێتە پێش کە ئایا گۆڕی ناپلیۆن لە کوێیە؟ یان ئەدیسۆن لە کوێ نێژراوە، چارلی چاپلین مەزارگەکەی چ شوێنێکە؟ دەیان وسەدان ناوداری جیهانی لە چ شوێنێك نێژراون؟

بۆ ئەوانەی تامەزرۆی وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوەن، رەنگە باشترین سەرچاوە سایتی http://www.findagrave.com/ بێت، ئەم سایتە لە بەشی بەدواداگەڕان واتە (سێرچ)ی سایتەکەدا دەتوانی ناوی ئەو کەسەی کە مەبەستتە بنووسی و سایتەکەش کورتەیەك لە ژیان ومەرگی کەسەکە و هەروەها مێژووی لەدایك بوون و رێکەوتی مەرگی کەسەکە باس دەکات و هەروەها چەند وێنەیەك لە خودی کەسەکەو وێنەی شوێنی مەزارەکەی نیشان دەدات. لە سایتەکەدا دەتوانی خۆشت شوێنی مەزارگەی کەسەکان بنووسی، تەنانەت کەسانی نزیکی خۆشت، تەنانەت مەجازی دەتوانی بچیە سەر گۆڕی کەسەکان و دەستە گوڵی مەجازیش دابنێی.







# گەسکە کارەباییەکە تکایە بەبێدەنگی شوێنەکە پاک بکەوە!

گەسکی کارەبایی داهێنانێکی گرنگ بوو، ئامێرێکە کە جگەلەوەی هیچ تۆز و خۆڵێك ناکات، هەموو کون وکەلەبەرێکیش پاک دەکاتەوە، بەڵام کێشەیەك لە گەسکی کارەباییدا هەیە و ئەویش دەنگە بەرزەکەیەتی، پێموانییە کەم پیاو هەبێت لەسەر گەسکی کارەبایی لە ماڵەوە تووشی کێشە نەبووبێت.

تەکنەلۆژیای نوێ هەوڵیان داوە گەسکی کارەباییش بەرەو هۆشمەندی بەرن، کۆمپانیای LG یەکێکە لەم کۆمپانیانەی کە لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو بووە و گەسکێکی کارەبایی بەناوی Roboking بەرهەم هێناوە، کە لە بواری دیزاینەوە هەروەك ئەوگەسەکە کارەبایانە دەچێت کە پێشتر دیتوومانن.

ئەم گەسکە کارەبایە دەکرێت بە دەنگ فەرمانی پێبدرێت و پێی بڵێیت کەی گەسکە لێبدات و ژوورەکە خاوێن بکاتەوە. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە گەسکەکە شوێنی دەنگەکە دەناسێت و بۆ لای دەنگەکە دەچێت، هەربۆیە دەکرێت پێی بڵێت، وەرە ئێرەم بۆ خاوێن بکەوە. گەر خەریکی خوێندنەوەی دەکرێت پێی بڵێی گەسکەکە تکایە جارێ بوەستە و دواتر پێت دڵێم خاوێنی بکەوە، جگە لەوەش دەنگێکی یەکجار کەمی هەیە.

# فایلەکانی ئۆفیس بەبێ پرۆگرامەکانی بکەنەوە

لەسەر کۆمپیوتەرەکەت نەبوو، یان پرۆگرامەکە هەبوو کەچ ڤێرژنەکەی ئێوە کۆنتر بوو فایلەکەی نەدەکردەوە، چ دەکەن؟ گوگڵ لەم ماوەیەدا پرۆگرامێکی زۆر بچووکی دروست کردووە بەناوی office viewer کە بەهۆیەوە دەکرێت بەبێ بوونی پرۆگرامەکانی ئۆفیس فایلەکانی بکەیەوە. دیارە هەرچەندە ئەو ڤێرژنەی گوگڵ، تەنیا بۆ تێستە و ئێستاکە تەنیا دەتوانی فایلەکانی پێبکرێتەوە و ناکرێت دەستکاری فایلەکانی پێبکرێت، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا گوگڵ پەرە بە پرۆگرامەکە دەدات و ئەوکات دەکرێت بەهۆیەوە دەستکاری فایلەکانیش بکرێت. پرۆگرامە بچووکەکە دەکرێت بە خۆڕایی لە گوگڵ دابەزێنیت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیار دەکات کە ماوەی چەند ساڵێکە بەدوای پەرەسەندنی مۆبایلە هۆشمەندەکاندا وشەی ئەپلکەیشن (application) زۆر دەبیستم، ئەم وشەیە چ مانایەك دەگەیەنێت؟ ئایا جیاوازی هەیە لەگەڵ program؟

خوێنەری بەڕێز وشەی ( a-plication) گەلێك مانا و واتا لەخۆیدا هەڵدەگرێت، بەڵام لە جیهانی کۆمپیوتەردا بەمانای ئەو پرۆگرامانە دێت کە پرۆگرامی کاریگەرن و بەکارهێنەران زیاتر سوودی لێوەردەگرن، لە راستیدا ئەم وشەیەکورتکراوەی دەستەواژەی ( application pr-gram) پرۆگرام دێت کە لە نووسیندا بە زۆری بەم سێ پیتە دەنووسرێت (APP). پرۆگرامەکانی ئۆفیس وەك word, excel, PowerPoint... و هەروەها ئەو پرۆگرامانەی کە مەبەستی دەستکاریکردنی وێنە و فیلم وەك فۆتۆشۆپ و پریمەر و..تاد، رۆژانە لەلایەن بەکارهێنەرانەوە سوودیان لێدەبینرێت، لە ریزی ئەپلیکەیشن، بەڵام سیستەمەکانی کۆمپیوتەر وەك ویندۆز و ئەندرۆید و ماکنتۆش... تاد. ئەپلیکەیشن نین. ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن done rose پێشنیارکراوە.